خودایە؛ هیچ ژیانێکی ڕاستەقینە نییە جگە لە ژیانی دواڕۆژ نەبێت، خودایە لە ئەنساڕ وموهاجیرەکان خۆش بە

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خودایە؛ هیچ ژیانێکی ڕاستەقینە نییە جگە لە ژیانی دواڕۆژ نەبێت، خودایە لە ئەنساڕ وموهاجیرەکان خۆش بە».
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە هیچ ژیانێکی ڕاستەقینە نییە جگە لە ژیانی دواڕۆژ نەبێت لە نێو ڕەزامەندی وڕەحمەت وبەهەشتی الله دا، چونکە ژیانی دونیا نامێنێت، وژیانی ڕۆژی دوایی بەردەوامە وکۆتایی نایەت، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نزای لێخۆشبوون وڕێزلێنان وچاکبوونی کرد بۆ ئەنساڕ؛ ئەوانەن کە پاڵپشتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وموهاجیرەکان بوون وسەریان خستن وماڵ وسامانەکانیان دابەشکرد لە نێوان خۆیان وموهاجیرەکان، هەروەها نزایشی کرد بۆ موهاجیرەکان؛ ئەوانەن کە ماڵ وسامانیان جێهێشت لە پێناو فەزڵ وڕەزامەندی الله.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3773